کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 20:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**غوربەت ... ئیسماعیل کەریم**

ئەڵمانیا
halabjayi@hotmail. com



خەمگینم کە
لەحەسرەتی ئەو ڕۆژەی وا
جیهێشتنی تۆ و نیشتیمان
چاوی پڕ گریەی دایە گیان
دڵ نەیتوانی
وەفریای ماڵ ئاوابونێکتان ڕابگا

لەژێرپڕوشەی بارانی
فەسڵی فیراقی هیجرەتدا
خوڕەمی فرمێسکی چاوم
بڕژێتە گۆمی میحنەتدا
یا گۆرانی بۆ کازیوەی
یەقینی خۆشەویستیتان ئەزبەر بکا

نەمزانی چۆن
لەخۆرئاوای مەنفایەکدا
وون بووم لە چاوی ئەسریندا
لە کام دەرگا چومە دەر و
فریای دواهەمین وەسێت و
دواین ماچ و دوا نیگاشتان نەبینمەوە

مەحزون و دڵ پڕ لە ئێشم
تەمەنی سەختی تاراوگەم
خەزانی زەردی پایزە و گەڵای درەختی ڕوتیشم
چاوەڕانیم بێ ئومێدە
بەچڵە داری ئەوینتان بگەمەوە

چ هیجرەتێکی سەخت بوو
جێهێشتنی سێ ئامێزی پڕ لە تاسە
بۆ تنۆکێ ئاورنگی ئەقین
عومرێکی پڕ خەجاڵەتیم
لەم قەدەری گەنجێتیدا
هەڵڕشت لەداخ و هەناسە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دواچرکەکانی تەمەنم
بەدەم هەڵوەرینی گەڵای ئەم غوربەتە
لە ڕۆحم دەکەوێتە خوار

وەک باڵدارێکی بێ لانە
لەم بەستەڵەکی کوێستانە
بۆ کۆچە گەرمەکەی گەرمیان
جارێ تر پێم نادا بوار
لێرە لە نێو چەمانەوەی
ژینی سەختی بێهودەدا
لە ئاسمانی بێ ئەستێرەی
مانفای ڕەشی تاریکیمدا
بەلەمێکیش پێ شک نابەم
تا ئەو دییییییییووویییییی
بێزاری دەریاکان بم با
پەژموردەیم شەوانێکە
دەستم بە تاڵێکی تری
پرچی ڕەشی
کانگای سۆزتان نەگاتەوە
ئەم تۆزە عومرەی کە ماوە
وا خەریکە
بەستەڵەکی ئەم غوربەتە
بۆ ئاوابوون دەیباتەوە
دوریتان ئەستێرەیەکە
لەئاسمانی شەوانمدا
غەریبێکی ئەم گەردونەم
لەمیحرابی تەنیایمدا
ئاوەزەنگێ
بۆ هەرێمی مەرگ لێ ئەدەم
بۆ سەرخەوێک ئارام تێدا
خەمی فیراقی سەختان
لەبیر بکەم

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.